سەرکایەتی کاروباری ئاینی لە تورکیا: رۆژی یەکشەممە یەکەم رۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزە

سەرکایەتی کاروباری ئاینی لە تورکیا ڕایگەیاند، رۆژی یەکشەممە یەکەم رۆژی مانگی شەوال و یەکەم رۆژی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزە.

ئەم شەممە ٢٩ـی ئازاری ٢٠٢٥، سەرکایەتی کاروباری ئاینی تورکیا بڕیاریدا، بەهۆی بینینی مانگەوە سبەینە ٣٠ـی ئازار یەکەم رۆژی مانگی شەوال و یەکەم رۆژی جەژنی ڕەمەزان.

هاوکات هەر ئەمە، هەریەکە لە وڵاتانی ئوستڕالیا، ماڵیزیا، بڕونای، ئیندۆنیزیا و بەنگلادیش ڕایانگەیاند، رۆژی دووشەممە ٣١ـی ئازار یەکەمین رۆژی جەژنی ڕەمەزان دەبێت و سبەینە تەواوکاری مانگی ڕەمەزانەە.

سعودیە و بەشێکی تر لە وڵاتانی ئیسلامی تا دوای بانگی مەغریب چاودێری دەکەن و ئەگەر مانگ بینرا سبەینە دەکرێت بەجەژن.